سزای نوێی ئەمریکا دژی تەکانی داراییکردنی ئێران و حزبوڵا

وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سزای بەسەر کەسانێکدا سەپاندوە کە بەو پێیە "ئاسانکاریان کردوە بۆ گواستنەوەی دەیان ملیۆن دۆلار" لە ئێرانەوە بۆ حزبوڵای لوبنان لە ساڵی 2025دا.

بەوتەی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، نوسینگەی کۆنترۆڵکردنی سەروەت و سامانی دەرەکی "بڕیاریداوە ڕۆشوێن بگرێتەبەر بۆ پشتگیریکردن لە چەکداماڵینی حزبوڵا بە سەپاندنی سزا بەسەر ئەو کەسانەی کە ئاسانکاریان کردوە بۆ گواستنەوەی دەیان ملیۆن دۆلار لە ئێرانەوە بۆ حزبوڵا لە ساڵی 2025دا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "حزبوڵا ئەو پارانە بۆ پاڵپشتیکردنی هێزە نیمچە سەربازییەکانی و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی تیرۆریستی و بەرەنگاربونەوەی هەوڵەکانی حکومەتی لوبنان بۆ درێژکردنەوەی سەروەری خۆی بەسەر هەمو خاکی لوبناندا بەکاردەهێنێت".

وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە راگەیەندراوێکدا پشتڕاستیکردەتەوە، ""قەستنەوەی حزبوڵا لە کەمپانیاکانی ئاوگۆی پارە و ئابوریی نەختینەیی بۆ سپیکردنەوەی پارەی نایاسایی،

هەڵەشە لە یەکپارچەیی سیستەمی دارایی لوبنان دەکات بە تێکەڵکردنی پارەدارکردنی تیرۆر لەگەڵ بازرگانی شەرعی" و باسی لەوەشکردوە، کەمپانیا بە مەڵەتەکان ڕاگە بە حزبوڵا دەدەن کە سروشتی ئابوری لوبنان کە تاادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای پارەی نەختینەیی بقۆزتەوە بە سپیکردنەوەی پارە نایاساییەکان".

سزا نوێیەکان کەسایەتییە سەرەکییەکانی ناو تیمی دارایی حزبوڵا دەکەنە ئامانج.